# یەکگرتوو

رۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانەیە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات


خاوەنی ئیمتیاز: زوهێر محەمەد ئەمین
سەرنووسەر: عەبدولکەریم ئەحمەد
Email: Akam72k@yahoo.com Cell:.07504558431

بەڕێوەبەری نووسین: حەیدەر جەمیل جاف
Email: haidarjaf@yahoo.com Cell:07504477602
www.yakgrtu.org
Yakgrtu1994@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ -٠٦٦٢٥٦٢٤٤
ناونیشان: هەولێر –گەڕەکی تەیراوە –بەرامبەر گەراجی باکوور –تەنیشت مەڵبەندی دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان


# (مامۆستا مەلا عوزێر) یەکەم کاندیدی ئیسلامییە، کە زۆرترین دەنگی لە کوردستاندا بەدەست هێناوە..



بەپێی ئەو ئامارە سەرەتاییانەی کە سایتی یەکگرتوو دەستی خستووە، لە بارەی زۆرینەی ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە کاندیدەکانی لیستەکانی قەوارە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)دا بەدەستیان هێناوە لە سێ پارێزگاکەی کوردستاندا، دەردەکەوێت کە (حاکم شێخ لەتیف) لە لیستی گۆڕان نزیکەی (٨٠ هەزار) دەنگ و، (مامۆستا مەلا عوزێر) لە لیستی یەکگرتوو بە ڕێژەی زیاتر لە (٧٠ هەزار) دەنگ و، (مامۆستا عەلی باپیر) لە لیستی کۆمەڵ نزیکەی (٦٠ هەزار) دەنگی بەدەست هێناوە. سەرچاوەیەك لە دەزگای هەڵبژاردنەکانی گۆڕان بۆ سایتی یەکگرتوو وتی: لە پارێزگای سلێمانی (حاکم شێخ لەتیف) گەیشتووەتە نزیکەی (٨٠ هەزار) دەنگ. هەروەها سەرچاوەیەك لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یەکگرتوو لە سلێمانی بە سایتی یەکگرتووی ڕاگەیاند کە (مامۆستا مەلا عوزێر) نزیکەی (٧٠ هەزار) دەنگی لە پارێزگای سلێمانی بەدەست هێناوە.. بەڕێز (زانا ڕۆستایی) بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکی بۆ سایتی یەکگرتوو ڕایگەیاند: مامۆستا عەلی باپیر (٩٧%)ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، کە مەزەندە دەکرێت (٦٠ هەزار) دەنگ بێت..

لە بارەی کاندیدەکانی پارتیەوە لە سلێمانی سەرچاوەیەك لە کەمپینی (دکتۆر مەحمود عوسمان) کە وەك پاڵێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی لەو پارێزگایە خۆی کاندید کردبوو، ڕایگەیاند کە تا ئێستا ئەوەی بەدەستیان گەیشتووە (٣٢ هەزار) دەنگە کە زۆرترین ڕێژەی دەنگی کاندیدەکانی پارتییە لەو پارێزگایە و، لە هەولێریش دوای پەیوەندیکردن بە چەند سەرچاوەیەکەوە لەبارەی ڕێژەی دەنگەکانی کاندیدەکانی پارتی هیچ کام لەوانە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بە سایتی یەکگرتوو نەدا..

هەروەها لە بارەی کاندیدەکانی یەکێتیش لە سلێمانی دوای چەندین پەیوەندی هیچ زانیارییەکی پێویست لەو بارەوە ئاشکرا نەکراوە، بۆیە زۆرترین ئەو دەنگانەی کە پاڵێوراوانی لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان بەدەستیان هێناوە، کاك (حاکم شێخ لەتیف) لە لیستی گۆڕان بە پلەی یەکەم دێت و (مامۆستا مەلا عوزێر حافز) لە لیستی یەکگرتوو بە پلەی دووەم دێت و، (مامۆستا عەلی باپیر) لە لیستی کۆمەڵ بە پلەی سێیەم دێت..

# لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سوپاسنامەیەک ئاراستەی هونەرمەندان دەکات




لە نامەیەکدا ، کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو هاتووە لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سوپاسنامەیەك ئاراستەی هونەرمەندان دەکات کە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لە جۆشدانی جەماوەر، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی لیستی (٣١٥) دا .. لە خوارەوە دەقی سوپاسنامەکە هاتووە: سوپاس و دەستخۆشی و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هونەرمەندە دەنگ خۆش و دەنگ زوڵاڵەکانی کاروانی شکۆداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکەین. ئاشکرایە هونەرمەندان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لە جۆشدانی جەماوەر، ئەمەش لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەجوانی دەرکەوت، کە بە سروود و گۆرانیە جوانەکانیان جەماوەری کوردستانیان جۆش دا و بەشدارییان کرد لە زیادکردنی دەنگ و جەماوەری لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان. لەگەڵ ڕێز و سوپاسی دووبارەمان..

لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٢٠١٠/٣/٩

# لە ڕووسیا دامەزراندنی یانەیەک بۆ دروستکردنی پۆشاکی ئیسلامی



کۆمەڵێك ژنە موسڵمان لە شاری (یەکاترینبۆرگ)ی ڕووسیا یانەیەکیان بۆ دروستکردنی جلوبەرگی شەرعی دروست کرد، کە مەبەست لێی، هەل ڕەخساندنە بۆ ژنانی موسڵمان تا بتوانن بەئاسانی ئەو جۆرە پۆشاکانەیان دەست بکەوێت کە لەگەڵ بیر و باوەڕی ئاینییاندا هەڵبکات. دوای ئەوەی چالاکییەکانیان پەرەی سەند، ئێستا پۆشاکی وا دروست دەکەن کە بەپێی ڕەنگی (الموضة) بێت.

سەرچاوە:
www.rtarabic.com

## چوارین

بۆیە دەمەوێ لەتۆ نزیک بم
تا دڵی گەورەت وزەم پێ بدا
کەسێک سەوەری تۆی قبوڵ نەبێ
سەرگەردانێکە دەژی بێ خودا

نەجات ئەسپیندارەیی

## (فاس)ی سوری و عێراقی



شوکر سەقافەت

لە ڕۆژی ئینتیخابە عەزیمەکەدا، عەزیزێکم موراقیبی ئینتخاب بوو لە خەستەخانەیەکی هەولێر، لەناکاو دەبینێت خزمێکیان کە مەسئولی ڕێکخراوی حیزبییە و پیتی یەکەمی ناوی (ز)ـە، دووکەس قۆڵیان گرتووە و دەیهێنن بۆ دەنگدان، ئەویش زوو بەڕووی دەچێت و دەپرسێت، ئەوە کەی نەخۆش کەوتی؟ ڕەفیقەکانی پێی دەڵێن: کاکە دوێنێ جەڵتە لێداوە. ئەویش زوو تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان دەکات و دەڵێ (ز) جەڵتە لێیداوە، ئەوانیش هەموو خزم و ئەقریبا ئاگادار دەکەنەوە، ڕەفیقەکەم شەو دەچێت بزانێ وەزعی ئەو مەسئولە نەخۆشە چۆنە، کەچی دەڵێن کاکە ئێمە نەخۆشی ئاوامان هەر نەبووە، هەر بۆیە ئەو ڕەفیقەم دەچێتە ماڵەوەیان کەچی دەڵێن کورە وەڵڵا (ز) هیچ نەخۆش نییە، مەگەر ئەو ئینتیخابە بۆ دەنگێکی تەزویر نەخۆشی کردبێت..

کورە ئەوە چییە، ئەوە تەنها یەك سەوتی تەزویر کردبوو، ڕەجول هەبوو سێ بوتڵە فاسی سەرف کردبوو و هەر بە خەیاڵیشی دا نەدەهات، منیش سێ ڕۆژە ئینتیخابات تەواوبووە کەچی ناتوانم ئەو مۆرەی لێ بکەمەوە، هەر بۆیەش تەلەفۆنم بۆ مەسئولێکی حیزبە گەورە کرد کە زەمەنێکە خەبیرە لە مەسائیلی مۆری دەست، ئەو مەشکیلەیەم تێگەیاند، ئەویش پێ وتم: "کاکە بە (فاس) بیشۆ، وتم شوشتومە بەڵام لێنەچوو، وتی: جۆری فاسەکە چ نەوعێکە، وتم تورکییە، کاکە ئەوە عادییەکەیە، ئێمەش سەرەتا بەو نەوعە تووشی موشکیلەی خۆمان بووین، (فاس)ـە عێراقیەکە نەك مۆری دەست بەڵکو مۆری دەموچاویش لادەبات..

## !!چاپکراوی نوێ




## چەند زانیارییەکی سەرنجڕاکێش



* ئاوی (دەریای ڕەش) ماددەیەکی کیمیایی سروشتیی تێدایە، زۆربەی زۆری میکرۆبی ناوماڵ دەکوژێت، هەر بۆیە چەند کارگەیەك لە بولگاریا و ڕۆمانیا وەك پاکژکەرەوە بەکاری دەهێنن، بەڵام هیچ ڕۆڵێکی نییە لە لەناوبردنی میکرۆبی ناو ئاو.
* (٨١%)ی بەڕازیلییەکان مانگی تەنها یەك جار ئاو دەخۆنەوە.
* زۆرجار لەسەر کۆمپیوتەر هەڵدەستین بە دروستکردنی فۆڵدەر و بە کەیفی خۆمان ناوێکی لێدەنێین. هاوڵاتییەکی هیندی بەم دواییانە ئەوەی دۆزییەوە کە مەحاڵە ناوی فۆڵدەرێك بنرێت (con). ئەگەر باوەڕ ناکەیت، تاقی بکەوە!